

جەماوەری مەدرید پشت لە ڕۆناڵدۆ دەکات..

# "ڕامۆس نەهێشتووە شەڕی زیدان و ڕۆناڵدۆ گەورەتر ببێت"

**ڕووداوی وەرزشی - CNBC**

کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئاشـکرایدەکات، شـەڕێکی توند لە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید لەنێوان زینەدین زیدانـی ڕاهێنەر و کریسـتیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەسـتێرەی یانەکـە ڕوودەدا، ئەگـەر سـێرجیۆ ڕامۆسـی کاپتـن نەکەوتبایـە نێوانیان. زۆرینـەی هاندەرانی یانەکەش پێیانوایە زیدان لەسەر هەقە.

کەناڵـی تەلەڤزیۆنی کواترۆ ڕایگەیاند، لەبەرئەوەی زیدان زانیویەتی کە دوای دانیشاندنی ڕۆناڵدۆ لە یاری لاس پالماس، ئەو یاریزانە لەسەر کورسی یەدەگەکان زۆر قسـەی ناشـیرینی کـردووە، کـە گەڕاونەتـەوە ژووری جلگۆڕیـن زیدان ڕووبەڕووی ڕۆناڵدۆ بووەتەوەو دەمەقاڵێیەکـی تونـد لەنێوانیاندا ڕوویـداوەو دەڵێت «ئەگەر ڕامۆس نەبووایە، شەڕەکە زۆر گەورە دەبوو».

ماڵپەڕی دیاریۆ گۆڵیش ئاشکرایکرد لە یارییەکانی پێشـووتریش ڕۆناڵدۆ ڕازی نەبووە بە قسەی زیدان و پزیشکەکان بکات، کە پێیانباشبووە ڕۆناڵدۆ تەنیا 60 خولەک یاری بکات و نووسیویەتی «لەوانەیە قسەکانی ڕۆبێرتۆ بالۆماری ڕۆژنامەنووس وایان لە زیدان کردبێت لە یاری لاس پالماسدا ڕۆناڵدۆ دانیشێنێت، کە بەر لە یارییەکە گوتبووی زیدان ناوێرێت ڕۆناڵدۆ دانیشێنێت».

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە لەم شەڕەدا مەدریدییەکان پشـتگیری زیدان دەکەن و پشـت لە ڕۆناڵدۆ دەکەن، چونکە 85% پێیانوایە زیدان باشیکرد کە ڕۆناڵدۆی دانیشاند. تەنانەت هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ڕۆناڵدۆیان بە خۆویست و خۆپەرست ناوبرد، چونکە ئامادە نەبوو لە کاتی گۆڵکردنی کەریم بنزیمەدا ئاهەنگ بگێڕێت.


WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (417) سێشەممە 2016/9/27 5ی ڕەزبەر - 2716 (500) دینار


ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


دۆن و لیۆ بەهۆی تەڵاقی نێوان فیفا و فرانس فوتبۆل..

# باویان نامێنێت





## نیمارەکەی هەولێر دەچێتە ئەی سی میلان




2

## ئینشتاین ڕقی لە تۆپی پێ بوو



3

## شرۆڤە و ئاماری یارییەکانی گەڕی دووەمی چامپیۆنسلیگ



6



# مۆرینیۆ: ڕۆژێک دەموچاوی ئەو ڤینگەرە دەشکێنم

3



**ئاساییە**

دیار ڕەحمانی کاپتنی یانەی هەولێر، سەبارەت بەو شەڕەی لە کۆتایی یاری نێوان هەولێر و حدود، لە خولی نایابی عێراق ڕوویدا، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «هەرچەندە ئەو ڕووداوانە ئاساییین و لە هەموو یاریگەکانی جیهاندا ڕوودەدەن، بەڵام داوا لە هاندەرانی یانەکەمان دەکەم هێمنی یاریگەکانیان بپارێزن، چونکە خولی عێراق دوور و درێژە، هێشتا زۆری ماوەو ئەنجامان باشتر دەبێت، گرنگ ئەوەیە هاندەران دووربن لە کاری ئاژاوەگێڕی و ڕێز لە وەرزش و یاریگەکانیان و تیپەکانی بەرامبەر بگرن».

# نیمارەکەی هەولێر دەچێتە ئەی سی میلان



«ئامانجی گەورەم یاریکردنە بۆ بارسیلۆنا یان ریال مەدرید»

## ئەحمەد تەیب: لە ئیتاڵیا دوایین تاقیکردنەوەم پێدەکرێت

ئەحمەد تەیب، تەمەن 15 ساڵ، وەک هەر یاریزانێکی تازەپێگەیشتووی کوردستان کۆمەڵێک خەون و خەیاڵی لەگەڵ خۆیدا بردووەتە ئەورووپا، بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لە یانەیەکی گەورەی ئەو کیشوەرە بدۆزێتەوە. ئەحمەد تەیب، کە لەدایکبووی ساڵی 2001ی شاری هەولێرە، لەنێو هاوڕێکانیدا بە «نیماری هەولێر» ناسراوە. ئێستا لە ڕێگەی بازرگانێکی ئیتاڵییەوە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە لە دەرگای یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵییەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت. (ڕووداوی وەرزشی) هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ئەنجامداوە.

هەڤپەڤین: کارزان کانەبی

**ڕووداوی وەرزشی: چۆن بوو لە ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێرەوە پەیوەندیت بە یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵییەوە کرد؟**

**ئەحمەد تەیب:** من وەک هەموو یاریزانێک بەهرەیەکی زۆری هونەری تۆپی پێم لایە، لە ڕێگەی وەبەرهێنەرێکی ئیتاڵی، کە ناوی ڕۆگیرۆ گوانێلایە و ئێستا لە باشووری کوردستان دەژیت و کاری بزنس دەکات، چوومەتە ئیتاڵیا بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی پەرە بە بەهرەی خۆم بدەم، ئێستا ڕۆگیرۆی خاوەنی پرۆژەی ئەکادیمیای یانەی هەولێر خەریکی ڕێکارە یاساییەکانە بۆ ئەوەی بچمە ئیتاڵیا و لەوێ تاقی بکرێمەوەو ببمە یاریزانی ئەو تیپە گەورەی ئەورووپا.

**ڕووداوی وەرزشی: بۆچی لەگەڵ ئەکادیمیای یانەی هەولێر بەردەوام نەبووی؟**

**ئەحمەد تەیب:** بۆ ماوەی 3 مانگ لە ئەکادیمایی هەولێر بووم، بەڵام هیچ سوودم لێ وەرنەگرت.

**ڕووداوی وەرزشیی: چۆن لەگەڵ یانەی ئەی سی میلان ڕێککەوتووی؟**

**ئەحمەد تەیب:** لە ڕاستیدا هێشتا بەتەواوی ڕێکنەکەوتوومە، چونکە ئەوان لە ئیتاڵیا جارێکی دیکە تاقیم دەکەنەوە، ئەوکاتە ئەگەر ئەوان ئاستی منیان بەتەواوی بەدڵبوو، بە فەرمی ڕێککەوتنم لەگەڵ دەکەن.

**ڕووداوی وەرزشی: بەهیوای چی لەگەڵ ئەم تیپە گەورەیە؟**

**ئەحمەد تەیب:** بەهیوای ئەوەم ببمە باشترین یاریزانی کورد، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکم هەبێت لە زیاتر ناساندنی کورد و کوردستان.

**ڕووداوی وەرزشیی: بە ئامانجی ئەوە نیت لە ڕێگەی یانەی میلانەوە هەنگاو بۆ یانە زلهێزەکانی دیکەی جیهان بهاوێژی؟**

**ئەحمەد تەیب:** سەرەتا لە ئیتاڵیاوە دەستپێدەکەم، ئەگەر توانیم بکەومە سەر پێیەکانی خۆم، بێگومان ئەوکات ئامانجم یەکێک لە دوو یانە گەورەکەی ئیسپانیا، بارسێلۆنا یان ریال مەدرید دەبێت. کە لە ڕاستیدا خەونی گەورەم یاریکردنە بۆ یەکێک لەو دوو یانە بەناوبانگە.

**ڕووداوی وەرزشیی: یانەی هەولێر داوای لێ نەکردووی یاری بۆ بکەی؟**

**ئەحمەد تەیب:** نەخێر، بەهیچ شێوەیەک یانەی هەولێر داوای لێ نەکردووم یاری بۆ بکەم.

**ڕووداوی وەرزشیی: بۆچی لەنێو هاوڕێکانت بە نەیماری هەولێر ناسراوی؟**

**ئەحمەد تەیب:** لە ڕاستیدا شێوەی دەم و چاو و بەژن و باڵام هەندێک بە نەیمار دەچێت، خۆشم زۆر سەرسامم بەو ئەستێرە بەرازیلییە و لە کاتی یاریکردنیشدا لاسایی شێوازی یاریکردنی ئەو دەکەمەوە.

### نایانەوێ لە چوارگۆشەی زێڕین دەربچن..

# پێشمەرگەکانی هەولێر دەستەوەستان ناوەستن

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - پیرمام**

جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئەمساڵیش دەیانەوێ ئەنجامەکانیان باش بن و گوتی «تیپێکی باشمان کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ بتوانین لە چوارگۆشەی زێڕین نەهێینە خوارەوە».

یانەی پێشمەرگەی هەولێر، وەرزی ڕابردوو ئاستێکی بەرزی لە خولی نایابی کوردستان پێشکەش کردو پلەی دووەمی بەدەستهێنا، بۆ پارێزگاری کردن لەم دەستکەوتەش یانەکەی پێشمەرگەکانی هەولێر ئەمساڵ زوو دەستی بە کۆکردنەوەی یاریزانان و دیاریکردنی ستافێکی ڕاهێنەران کرد. دڵشاد مەعروفی بە ڕاهێنەری تیپەکە دەستنیشانکرد، گرێبەستیشی لەگەڵ ژمارەیەک لە یاریزانانی بەتوانا کردووە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی دڵخۆشکەر بن.

نیهاد عادل، جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لە دوێنێ دووشەممەوە لە شاری دهۆک کەمپێکی مەشقی و ڕاهێنانمان کردووەتەوە، بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئەنجام و ئامادەکاریمان هەبێت».

هەروەها ئەو بەرپرسەی یانەکە گوتیشی «هەرچەندە بارودۆخی تیپەکەمان لە وەرزی ڕابردوو باشترە لە ڕووی بارودۆخی داراییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشمەرگە لە شەڕێکی سەختدایە بۆ بەرگریکردن لە کوردستان، پێمان باش نەبوو لەبەر خاتری پێشمەرگە بچینە دەرەوەی وڵات و کەمپی مەشقی ئەنجام بدەین، دواتریش ئێستا یاریگەکانی کوردستانیش زۆر شیاون بۆ ئەنجامدانی کەمپی مەشقی».

لەبارەی گرێبەستی یاریزانانیش، نیهاد گوتی «ئەمساڵ زۆربەی یاریزانەکانمان گرێبەستیان نوێ کردووەتەوە، تەنیا 5 یان 6 یاریزان نەبێت، کە ریزەکانی تیپەکەیان جێهێشتووە، بۆ شوێنی ئەوانیش 6 یاریزانمان هێناوەو 5 یاریزانی لاوی یانەکەشمان سەرخستووە، بەنیازین یەک دوو یاریزانی هێڵی بەرگری بهێنین، ئەوکاتە پێکهاتەی تیپەکەمان تەواو دەبێت».

لەبارەی گرفتی داراییش نیهاد گوتی «گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوو باشترین، دەتوانین مووچەی یاریزانەکانمان دابین بکەین و هەوڵیش دەدەین پێش دەستپێکی خول بەشی یەکەمی گرێبەستەکانیان پێ بدەین، چونکە گرێبەستەکانیان بایی 350 ملیۆن دینارەو بڕە پارەیەکیش قەرزارین، ئێمە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەین و ماوەی زیاتر لە ساڵێک و 4 مانگە هیچ بڕە پارەیەکمان وەرنەگرتووە لەم وەزارەتە، بەڵام بە سپۆنسەر و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی تیپەکەمان وەرزی ڕابردوومان بەڕێکرد، بۆ ئەمساڵیش دەمانەوێ ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە».

جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر، لەبارەی کۆمەڵەکەشیان گوتی «کۆمەڵەکەمان زۆر بەهێزە، بەڵام هەوڵدەدەین لە چوارگۆشەی زێڕین نەهێینە خوارەوە، چونکە تیپەکەمان تیپێکی باشە و چەند ساڵێکە ئەنجامان باش بووە، ستافی ڕاهێنەران و یاریزانانیش ئومێدی زۆریان هەیە بتوانین بە ئامادەکارییەکی باش و بەهێز بچینە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان».



# وەرزش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی

## گەنجێک: لەم بارودۆخە ناهەموارەدا وەرزشکردن تاکە چارەسەرە بۆ پشوودانی ڕووحی و جەستەیی

**پێشەوا بەختیار**
**ڕووداوی وەرزشی - سلێمانی**

لەو بارودۆخە ناهەمواریەی دارایی، کە هەرێمی کوردستان ئێستا پێیدا تێدەپەڕێت، هاونشتیمانیان سەرەڕای بێکاری و خەمی قەیران و نەبوونی مووچەو و کێشە سیاسییەکان، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و سەیر ڕوویان کردووتە وەرزشکردن.

لەبارەی بەدواداچوونی ئەو پرسەوە، (ڕووداوی وەرزشی) لە پارێزگای سلێمانی و قەزای چەمچەماڵ ڕاپرسییەکی کردووەو ڕای 600 هاوڵاتی وەرگرتووە، کە بەپێی ئەنجامەکانی ئەو ڕاپرسییە 85 %ی هاونیشتیمانیان پێیانوایە وەرزشکردن تاکە ڕێگایە بۆ دوورکەوتنەوە لە کێشەکانی وڵات و خەمی قەیران.



بەپێی قسەی خاوەن یاریگەکان «خواست لەسەر وەرزشکردن لەلایەن هاوڵاتیانەوە ئەوەندە زۆر بووە، یاریگەکان بەرناکەون و ئەوان ئەوەندە کاتەیان بەدەستەوە نییە خواستی هەموویان جێبەجێ بکەن».

ئەوان بە (ڕووداوی وەرزشی)یان گوت «ڕۆژانە لە کاژێر 5ی ئێوارە تا کاژێر 1ی شەو یاریگەکان پڕن لەو وەرزشکارانەی خەریکی وەرزشکردنن، هوڵە وەرزشییەکان لە بەیانییەوە تاوەکو درەنگانی شەو جەمەیان دێت لەو خەڵکانەی بۆ وەرزشکردن ڕوویان لێدەکەن».

هاونیشتیمانیان، کە بەقسەی خۆیان ناچارن وەرزش بکەن، دڵگرانن لەبەر گرانی نرخی یاریگە و هۆڵە وەرزشییەکان، هێمن مەحموود، یەکێکە لەو گەنجانەی ڕۆژانە دەچێتە هۆڵێکی لەشجوانی، گلەیی ئەوەی دەکرد کە نرخی هۆڵە وەرزشییەکان گرانە و گوتی «ناچارین وەرزش بکەین، چونکە لەم بارودۆخە خراپ و سەختەی وڵات بەهۆی قەیرانی داراییەوە تێیدا دەژیت، وەرزشکردن تاکە چارەسەرە بۆ پشوودانی ڕووحی و جەستەیی، بەڵام بەداخەوە کە نرخی یاریگە و هۆڵەکان هەر بە گرانی ماوەتەوە، دەبووایە ئەوانیش ڕەچاوی قەیرانەکە بکەن».

توێژەرانی دەروونی و شارەزایانی بواری وەرزش، داوا دەکەن خەڵکی زیاتر ڕوو لە وەرزش بکات و دەڵێن «زۆربوونی وەرزشکردن لەلایەن هاونیشتیمانیان جێگەی دڵخۆشییە و 100 % وەرزشکردن تاکە چارەسەری ئەم کاتی قەیران و بێکاری و بێ مووچەییە».




**ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا**

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەڕی "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

KOREK



## سوودمەندترینە

لەگەڵ دووپاتکردنەوەی سزادانی ریال مەدرید، بەوەی تاوەکو کانوونی دووەمی 2018 ناتوانێت گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێک بکات، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی دەبێتە گەورەترین سوودمەند، چونکە دەتوانێت گرێبەستەکەی بە بەهایەکی بەرزتر نوێ بکاتەوە. لەو بارەوە ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی دەڵێت «ڕۆناڵدۆ کە لە 2018/6/30 گرێبەستەکەی کۆتایی دێت، هەوڵدەدات مووچەیەکی بەرزتر بەدەستبێنێت و مەرجی قورستر بەسەر ریال مەدریدا بسەپێنێت». چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانیش باس لەوە دەکەن، ڕۆناڵدۆ دەستی بە دانوستانی تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی تاوەکو 2020 کردووە».

ریال مەدرید مۆرینیۆ بە کەسێکی درۆزن وەسف دەکات..

# مۆرینیۆ: ڕۆژێک دەموچاوی ئەو ڤینگەرە دەشکێنم

## ڤینگەر: کتێبەکەی مۆرینیۆ ئەوەندە گرنگ نییە بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە

ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

ڕۆبەرت بیزیلی، ڕۆژنامەنووسی بەریتانی لە کێتێبە نوێیەکەیدا، کە لەبارەی خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری پورتوگالی دەریکردووە، کۆمەڵێک نهێنی لەسەر ئەو ڕاهێنەرە ئاشکرا دەکات و دەڵێت «مۆرینیۆ گوتوویەتی ڕۆژێک دێت لە دەرەوەی یاریگە ئەو ئارسن ڤینگەرە دەبینم و دەم و چاوی تێکدەشکێنم».

ئەو ڕۆژنامەنووسە لە کتێبەکەیدا دەڵێت «مۆرینیۆ پێیگوتم ڕۆژێک دەموچاوی ئەو ئارسن ڤینگەرە دەشکێنم». لەو بارەوە ڕۆژنامەنووسێک ئەو پرسیارەی خستە پێش مۆرینیۆ؟ لە وەڵامدا ڕاهێنەری فەرەنسی گوتی «من کتێبی مۆرینیۆم نەخوێندووەتەوەو هەرگیز ناشیخوێنمەوە، چونکە ئەوەندە گرنگ نییە بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە».

ڕۆژنامەنووسەکە لەو کتێبەیدا هەروەها نووسیویەتی «مۆرینیۆ پێیگوتووە گەورەترین کێشەی ئەو لە ریال مەدرید ئەوەبووە کە سەرپەرشتی تیپێکی بێ رووحی کردووە». هەروەها مۆرینیۆ گوتوویەتی «مەحاڵە ڕاهێنەرێک بتوانێت 3 ساڵ لە ریال مەدرید بمێنێتەوە». هەروەها ڕۆبێرتی ڕۆژنامەنووس لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی «مۆرینیۆ پێیگوتم فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید بەر لەوەی ڕافا بینیتێز بکاتە ڕاهێنەری ریال مەدرید، داوای لێکردم بگەڕێمەوە ئەو یانەیە و جێگەی کارلۆ ئەنچیلۆتی بگرمەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی، بۆ ئەوەی لە یاریزانە پیسەکانی ڕزگاری بێت، کە بریتیبوون لە هەریەک لە ڕامۆس، مارسیلۆ، کاسیاس و پیپێ. بەڵام من داواکارییەکەی ئەوم ڕەتکردەوەو پێمگوت تازە کار لە کار ترازاوە».

### مۆرینیۆ: پیرێز پێیگوتم بگەڕێوە ریال مەدرید بۆ ئەوەی لە یاریزانە پیسەکان ڕزگارم بکەی

لەو بارەوە ریال مەدرید بەیاننامەیەکی دەرکردو هەموو ئەو قسانەی مۆرینیۆی بەدرۆخستەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە «هەموو ئەو قسانەی مۆرینیۆ لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە دانوستانەکانی لەگەڵ سەرۆکی ریال مەدرید بۆ گەڕانەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی یانەکە، درۆن و دوورن لە ڕاستی».

لەو کتێبەدا هەروەها هاتووە «مۆرینیۆ زۆر سەرسام بووە بە جنیفەر ئێنستۆنی خانمە ئەکتەری ئەمریکی، هەروەها پێیخۆشبووە واین ڕۆنی هێرشبەری مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی بە (کوڕە قەڵەوەکە) ناوببات».

لە بەشێکی کتێبەکەشدا باس لەو ڕۆژە کراوە کە مایکل ئیسیانی یاریزانی غانی، کە ئەوکات بۆ ریال مەدرید یاری دەکرد، هەموو یاریزانانی ریال مەدریدی داوەت کردووە بۆ ماڵی خۆی بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی سییەمین ساڵیادی لەدایکبوونی خۆی، بەڵام هیچ یاریزانێکی ریال مەدرید نەچووەتە ئاهەنگەکە، ئینجا مۆرینیۆ بە ئیسیانی گوتووە «هەموو یاریزانانی ریال مەدرید تەنیا بایەخ بە بەرژەوەندی خۆیان دەدەن».



لە سەروبەندی لێدوانەکەی مۆرینیۆدا..

# ئینشتاین حەزی لە چ وەرزشێک بوو؟

ئا: ڕووداوی وەرزشی

خۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، لە لێدوانێکی سەرنجڕاکێشدا گوتی «ئەوانەی خۆیان بە ئینشتاینی تۆپی پێ دەزانن دەیانەوێ مێژووی من بسڕنەوە»، ئەو لێدوانە دەرگای ئەوەی بۆ کردینەوە بەدواداچوونێک بۆ ئەوە بکەین کە ئایا ئەو زانا بەناوبانگە هیچ پەیوەندییەکی بە وەرزشەوە هەبووە.

ئەلبێرت ئینشتاین، زانایەکی ئەڵمانی ئەمریکی بوو، هەرچەندە چەند دەیەیەکە مردووە، بەڵام هێشتا خەڵکی بە پەرۆشەوە باسی بلیمەتی ئەو زانایە دەکەن، بەڵام کەس لە خۆی پرسیووە ئەو زانایەی بواری فیزیا چ پەیوەندییەکی بە وەرزشەوە هەبووە؟ لە ڕاستیدا ئینشتاین پەیوەندییەکی پتەوی بە وەرزشەوە نەبوو، لەبەر ئەوەی حەزی لە هیچ جۆرە وەرزشێک نەبوو کە هیلاکی بکات، هەروەها سەیری هیچ چالاکییەکی وەرزشیی وەک تۆپی پێ و ئەوانی دیکەی نەدەکرد، هەمیشە بە هاوڕێکانی دەگوت «لەجیاتی سەیرکردنی وەرزش گوێ لە مۆسیقا دەگرم».


تاکە وەرزش کە ئینشتاین ئەنجامی دەدا پێشبڕکێی بەلەمی چاڕۆکەدار بوو، کەسە نزیکەکانی لێی دەگێڕنەوە، هۆکاری ئەوەی کە ئەو وەرزشەی خۆشویستووە ئەوە بووە کە ئەو وەرزشە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فیزیا و یاساکانی جوولەکردنەوە هەیە، هەروەها لە هیلاککردن و هەستکردن بە ماندووبوونیش دوور بوو.

جۆن دێر پاڵەوانی پێشووی یاری گۆلف باسی گفتوگۆیەکی خۆی و ئینشتاین لەبارەی یاری گۆلف دەکات، ئینشتاین پێی گوتووە «ئەو یارییە بۆ من ئاڵۆزە و جارێک تاقیم کردووەتەوە، بەڵام بڕیارمدا دووبارەی نەکەمەوە».

پزیشکی ئەمریکی دانیێل ئەمین پسپۆر لە زانستی دەمارەکان و مێشک لە توێژینەوەیەکدا باس لەوە دەکات، یاری تێنسی سەر زەوی مێشک چالاک دەکات و زۆرترین بەشەکانی مێشک دەخاتە جوولەوە، بۆیە ئەو کەسانەی پیربوون دەتوانن تێنس بۆ کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی تووش بوون بە نەخۆشی زهایمەر و نیشانەکانی پیربوون بەکاربێنن.

توێژینەوەکەی دکتۆر دانیێل وای لە زۆر کەس کردووە کۆمێنت لەسەر توێژینەوەکە بدەن و بڵێن «ئەگەر ئینشتاین چینی بووایە لەوانە بوو یاری پینگ پۆنگ، واتە تێنسی سەر مێزی کردبایە».

«ئینشتاین تەنیا حەزی لە وەرزشێک دەکرد و رقی لە تۆپی پێ بوو»



بەهۆی تەڵاقی نێوان فیفا و فرانس فوتبۆل..

# مێسی و ڕۆناڵدۆ باویان نامێنێت

ئا: ئیحسان تاهیر

چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە بەریتانیا ئاشکرایان کردووە، جیابوونەوەی فیفا لە گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی، لە پێشکەشکردنی خەڵاتی باڵۆن دۆر وەک پێشوو، کۆتایی بە باڵادەستی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا بەسەر ئەو خەڵاتە دێنێت.

ماڵپەری سپۆرتس کیدای بەریتانی، لەو بارەوە دەڵێت «فرانس فوتبۆل ڕایگەیاندووە بنەماکانی باڵۆن دۆر دەگۆڕێت، دەنگدان لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی گۆڤارەکە لەسەرتاسەری جیهان دەبێت، لەجیاتی لێکدانی دەنگیان لەگەڵ ڕاهێنەر و کاپتنی هەڵبژاردەکان، ئەو گۆڕانکارییەش لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەوە هەبێت، ڕۆناڵدۆ و مێسی چیدی نەتوانن دەست بەسەر ئەو خەڵاتەدا بگرن لە ساڵانی داهاتوودا». هەمان سەرچاوە دەشڵێت «لە ساڵانی ڕابردوودا کە فیفا و گۆڤارەکە بەیەکەوە خەڵاتەکەیان پێشکەش دەکرد، زۆر شتیان دەگۆڕی و مێسی و ڕۆناڵدۆ چەند تۆپێکیان لەدەست دەدا، ئەگەر خەڵاتەکە تەنیا لە دەستی فرانس فوتبۆل بایە، چونکە ویسلی شنایدەری ئەستێرەی هۆڵەندا خەڵاتی ساڵی 2010 پێدەدرا لەجیاتی مێسی، فرانک ڕیبێری ئەستێرەی فەرەنساش لە ساڵی 2013 لەجیاتی ڕۆناڵدۆ ئەو خەڵاتەی دەبردەوە».

بۆ بەبیرهێنانەوە گۆڤاری فرانس فوتبۆلی فەرەنسی لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە خەڵاتی باڵۆن دۆر پێشکەش دەکات، لەو کاتەی فیفا لە نەوەدەکانەوە خەڵاتی باشترین یاریزان لە جیهاندا پێشکەش دەکات، بەر لەوەی ساڵی 2010 هەردووکیان بیکەنە یەک خەڵات و لە ساڵی 2016 دووبارە لە یەکدی جیاببنەوە.

### مێسی لەپێش ڕۆناڵدۆیە

لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی توانی بەپێش ڕکابەرەکەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال ریال مەدرید بکەوێ، لە پێشبڕکێی گۆڵکەری لیگا لەوەتەی دۆن لە وەرزی 2009 ـ 2010 پەیوەندی بە ڕیزەکانی یانەس شاهانەوە کردووە، ئەوەش دوای ئەو دوو گۆڵەی لە گەڕی چوارەم لە گۆڵی لیگانیس تۆماریکردن.

مێسی لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 262 گۆڵی لە خولی ئیسپانیا تۆمارکردووە، کەچی ڕۆناڵدۆ 261 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە مێسی بە یەک گۆڵ بەپێش دۆن کەوتووە. مێسی ئەوەندە گۆڵەی لە 243 یاری تۆمارکردووە، کەچی ڕۆناڵدۆ بە 238 یاری بەو ژمارەیە گەیشتووە، واتە دۆن لە ڕووی تۆمارکردنی گۆڵ لە یەک یاری بەپێش مێسی کەوتووەو لە هەر یارییەکدا 1.09 گۆڵی تۆمارکردووە، کەچی مێسی لە هەر یارییەکدا 1.07 گۆڵی تۆمارکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لیۆ لە ڕووی ژمارەی ئەو پاڵەوانیەتیانەی لەگەڵ بارسا بەدەستیهێناوە، لەو ماوەیەدا لە پێش ڕۆناڵدۆ دێت، 5 پاڵەوانیەتی لە کۆی 7 پاڵەوانیەتی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی 71.4%، کەچی ڕۆناڵدۆ یەکجار نازناوی لیگای بەدەستهێناوە بە ڕێژەی 14.2%.

### دابڕانی مێسی کاریگەر نییە

لیۆنێل مێسی یاریزانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، بۆ ماوەی نزیکەی 3 هەفتە لە تیپە کەتالۆنییەکەی دادەبڕێت بەهۆی پێکانەوە، کە لە یاری بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە هەفتەی ڕابردوو تووشی بوو. ئایا نەبوونی مێسی لە پێکهاتەی بارسادا چەند کاریگەری بەسەر ئاست و ئەنجامەکانی ئەو یانەیەدا دەبێت؟!

لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا مێسی 41 یاری لە بارسێلۆنا دابڕاوە، کە تیپەکەی 36 یاری بردووەتەوە، لە 1 یاری یەکسانبووە و 4 یاریشی دۆڕاندووە. لە وەرزی 2011 ـ 2012 مێسی 4 یاری لە بارسا دابڕا، تیپەکەی توانی هەر چوار یاری بباتەوە. لە وەرزی 2012 ـ 2013 لیۆ 8 یاری لە بلاوگرانا دابڕا، کە تیپەکەی توانی هەر هەشت یاری بباتەوە. لە وەرزی 2013 ـ 2014 ماوەی دابڕانی مێسی زیادی کرد و گەیشتە 12 یاری، کە تیپەکەی 10 یاری بردەوە، 2 یاری دۆڕاند و لە هیچ یارییەک یەکسان نەبوو. لە وەرزی 2014 ـ 2015 مێسی تەنیا 3 یاری لە تیپەکەی دابڕا، کە تیپەکەی هەرسێ یاری بردەوە، بەر لەوەی لە وەرزی ڕابردوودا لە 13 یاری دابپڕێت، کە تیپەکەی 10 یاری بردەوە، 1 یاری یەکسانبوو و 2 یاریشی دۆڕاند. ئەمساڵیش تاوەکو ئێستا لە یارییەکدا یاری نەکردووەو بارسا براوە بووە.

«ئەگەر فرانس فوتبۆل بەتەنیا باڵۆن دۆری بەخشیبایە مێسی و ڕۆناڵدۆ ئەوەندە باڵۆن دۆریان نەدەبردەوە»

«تاوەکو ئێستا مێسی 262 گۆڵ و ڕۆناڵدۆ 261 گۆڵی لە لالیگادا تۆمارکردووە»



ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 417 )
سێشەممە 2016/9/27



## درۆیە

کلاودیۆ رانییری راهێنەری ئیتاڵی یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردنەوە کە باس لە رۆیشتنی یاریزانەکەی، دانی درااینکۆتەر بۆ ریزەکانی یانەی مانچێستەر یونایتد دەکەن لە میرکاتۆی زستانەداو لەو بارەوە گوتی «درۆیە، دراینکۆتەر لە زستاندا نەدەچێتە مانچێستەر یونایتدو نە هیچ یانەیەکی دیکەش. دراینکۆتەر گرێبەستەکەی لەگەڵ لیستەر ستی نوێکردووەتەوە. رێگە نە بە ئەو و نە بە هیچ یاریزانێکی دیکەشمان نادەین لە یانەکەمان بڕوات».



### سزایەکەی TAS کاریگەری ئەوتۆی بەسەر یانەی شاهانەوە نابێت..

# ریال مەدرید دەتوانێت گرێبەست بکات

**ڕووداوی وەرزشی ـ AS**

رۆژنامەی ASی ئیسپانی راپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا باسی هەواڵی خۆش بۆ شەیدایانی ریال مەدرید دەکات. رۆژنامەکە باس لەوە دەکات، ریال مەدرید هەرچەندە لەلایەن فیفاوە سزا دراوە، بەڵام هێشتا دەتوانێت ئەو یاریزانانە بگێڕێتە ریزەکانی، کە بە خواستن داویەتی بە یانەکانی دیکە.


تاس، بەهۆی پێشێلکردنی رێساکانی گواستنەوەی نێودەوڵەتی، کە رێگە بە تۆمارکردنی یاریزانی ناکام نادات، ئەو سزایەی بەسەر ریال مەدریدا سەپاندووە، بەمەش یانەی شاهانە تاوەکو ساڵی 2018 ناتوانێ گرێبەست لەگەڵ هیچ یاریزانێک واژوو بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەی یانەکەی کەوتووەتە ژێر باری فشارێکی زۆرەوە، کەچی توانی چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، ئەویش گێڕانەوەی ئەو یاریزانانەیە کە بە خواستن داویەتی بە یانەکانی دیکە.

رۆژنامەکە ناوی دیارترین ئەو یاریزانانەی هێناوە، کە ریال دەیانگێڕێتەوە ریزەکانی. یەکێک لەوانە مارکۆس لۆرێنتی یە لە یانەی ئالاڤێس، کە هەر لە منداڵییەوە بەهرەو توانای خۆی نواندووەو ئێستا تەمەنی 21ساڵە، ئەو یاریزانە لاوە بۆ ماوەی یەک ساڵ بە خواستن چووەتە یانەی دیپۆرتیڤۆ ئالاڤێس، بۆ ئەوەی پەرە بە ئاستی خۆی بدات، زێدەباری ئەوەی تاوەکو سەر ئێسک مەدریدییەو نەوەی یاریزانی بەناوبانگ، گرۆسۆ لۆرێنتی یە. راپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەکات، ریال مەدرید یاریزان بۆرخا مایۆرالیش دەگێڕێتەوە، کە تەمەنی 19 ساڵانە و گرێبەستی لەگەڵ یانەی ۆلفزبۆرگی ئەڵمانی کردووە. ئەو یاریزانە لە چەندین بۆنەدا تواناو بەهرەی خۆی سەلماندووە، لەگەڵ یاریزانانی خوار تەمەنی 18 و 19 ساڵی بووەتە پاڵەوانی ئەوروپا، هەرچەندە تەمەنیشی بچووکە، کەچی وەک هێرشبەرێکی بەتوانا ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە، لەگەڵ تیپی کاستیا 50 گۆڵی لە هەموو پاڵەوانیەتییەکاندا تۆمارکردووە.

رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات، ریال مەدرید بەنیازە یاریزان خیسۆس فاییخۆش بگێڕێتەوە، کە بەخواستن چووەتە ریزەکانی ئینتراخت فرانکفۆرت، ئەو وەک دڵی بەرگری لە ریال مەدرید یاری دەکرد، بەر لەوەی بۆ ماوەی ساڵێک بەخواستن بچێتە یانە ئەڵمانییەکە. ئەو یاریزانە لاوە بە مارکۆ ئەسینسیۆ دەچووێندرێت، چونکە سەرەتای هەردووکیان لە یانەی ریال مەدرید لە یەکدی دەچێت. نازناوی ئەوروپای خوار تەمەنی 19 ساڵیشی بەدەستهێناوە، کە ساڵی 2015 لە یۆنان بەڕێوەچوو.

بە گوێرەی رۆژنامەکە، یاریزان دیاگۆ لۆرێنتی لە یانەی مەلەگە یەکێکە لەو یاریزانانەی، ریال مەدرید بەنیازە بیانگێڕێتەوە، ئەمەو دیاگۆ بەرگریکاری پێشووی ریال مەدرید، بۆ ماوەی یەک ساڵ گرێبەستی لەگەڵ مەلەگە کردووە، لەبەر سەرسامی بەرپرسانی مەلەگە بە ئاستی، گواستیانەوە یاریگەی رۆزالیدا، کە لە مانگی ئایاری رابردوودا یەکەم یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەنجامدا. هەردوو یاریزان دی تۆماس و بۆرخی لەنێو ئەو یاریزانانە، کە لە یانەکانی بەلەد وەلید و سپۆرتینگ دەگێڕدرێنەوە، هەرچەندە کاروانی وەرزشیان تازە دەستیپێکردووە، کەچی ئاست و توانایان وایکردووە، ببنە مایەی سەرنجی چەندین یانە، کە هەوڵدەدەن جارێکی دیکە بە خواستن لە یانەی ریال مەدرید وەریان بگرن.

لە کۆتاییدا راپۆرتەکەی ASدا هاتووە "بێجگە لەو یاریزانانەی ریال مەدرید بەنیازە بیانگێڕێتەوە، هێشتا 10 یاریزانی دیکە ماون، کە بە خواستن چوونەتە ریزی یانەکانی دیکە، لەوانەش ئەلڤارۆ خێمینز و لۆکاس تۆرۆ.



### لە ماوەی 12 مانگی رابردوودا..

# پاییێ باشترین یاریزانی جیهانە


**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئامارەکان دەردەخەن، کە دیمیتری پاییێ یاریزانی فەرەنسی یانەی وێستهام یونایتدی ئینگلیزی لە لایەنێکی یاریکردنەوە باشترین یاریزانی جیهانە لە 12 مانگی رابردوودا، تەنانەت لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالیش باشترە.

وادیارە بەرزبوونەوەی ئاستی یاریکردنی یانەی وێستهام یونایتد، لەدوای گەڕانەوەی پاییێ لە پێکان، مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەگەر ئەوە بزانین کە بێجگە لە ئاستی یاریکردن، ئەو یاریزانە لەلایەنی گۆڵ تۆمارکردن لە رێگەی لێدانە راستەوخۆوەکانەوە باشترین یاریزانی جیهانە لە ماوەی 12 مانگی رابردوودا.

بەپێی ئامارەکان لە مانگی ئابی رابردووە تاوەکو ئێستا، لیۆنێل مێسی ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی زۆرترین گۆڵی لە رێگەی لێدانە راستەوخۆوەکانەوە تۆمارکردووە، کە 7 گۆڵە، بەڵام ئەگەر رێژەی گۆڵکردن لە رێگەی لێدانە راستەوخۆوەکان هەژمار بکرێت، رێژەی گۆڵکردنی دیمیتری پاییێ لەو باشترە، چونکە مێسی بە جێبەجێکردنی 64 لێدانی راستەوخۆ 7 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە رێژەی گۆڵکردنی بە لێدانەکانی راستەوخۆ 11% بووە، لە کاتێکدا پاییێ لەو ماوەیەدا بەجێبەجێکردنی 30 لێدانی راستەوخۆ 5 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە رێژەی گۆڵ تۆمارکردنی یاریزانە فەرەنسییەکە بەو شێوازە 17% یە.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ، ئەستێرەی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیش، کە یەکێکە لەو یاریزانانەی بە لێدانە بەهێزەکان ناسراوە، لە ماوەی 12 مانگی رابردوودا بەجێبەجێکردنی 45 لێدانی راستەوخۆ 5 گۆڵی تۆمارکردووە، واتە رێژەی گۆڵکردنی بە لێدانەکانی راستەوخۆ تەنیا 9%یە.




# ...کی بن عەتیە

...ی یۆرۆ دەخەملێنێت.


...ی مەهدی بن عەتیە دانی بەوەدا ناوە کە (داڤید) لە ...ڵ ئۆدیمار بیگێ کردووە، 12 کاتژمێرە دزراوەکە بە ...، لەو کاتەی 19 کاتژمێرە (ساختە)کە وەک دیاری ...وە، چونکە بە گوێرەی قسەی ئەوانەی ئەو جۆرە ...کیان نییە. بە گوێرەی وتەکانی جان جاک کامپانای ...ی کە لە جیمینۆ لە نزیک مارسیلیا دادەنیشێت ... لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی بووە بۆ کۆمپانیای ...ێکی گشتی لە نزیک سان شارل و لە رێگەی نامەی ...کی ئاسایشی ئۆدیمار بیگێ، بەمەش دەرکەوت کە ...لەلای ئەون.

... زوایان دەستگیرکرد لە کاتی دابەزینی لە ...سیلیاوە بۆ جنێڤ، لە کاتێکدا لەگەڵ زڕخوشکێکی ... یەکەمیان ناردووە، لەوانەی بەرامبەر (فدیە) نێردرانە ...ار یۆرۆ دیاریکرا، بەڵام نە ئەو و نە زڕخوشکەکەی ... نەکراون. لەبەردەم دادگا پارێزەر کامپانا باسی لەوە ...کاتژمێرەکان بە هەندێ یاریزانی ئۆلۆمپیک مارسیلیا ... پسوولە بە دەستەوارەکە رازی نەبوونە).



دەبێ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ ئەوە بزانێت کە لە پرێمەرلیگدا یاریزان نابێ راوەستێت، پێویستە 2 هەزار کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا رابکات

کریستۆف دۆگاری
(یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا)




کە ئیبراهیمۆڤیچ بووە یاریزانی مانچێستەر یونایتد، بە تەلەفۆن پێیگوتم ئەگەر رێگە بدەی پۆل پۆگبا بێجگە لە مانچێستەر یونایتد بچێتە هەر یانەیەکی دیکە هەردوو قاچت دەشکێنم

مینۆ رایۆلا
(بەڕێوەبەری کارەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ)



جیاوازی بایرن میونشن و ریال مەدرید لەوەدایە کە سەرۆک و بەرپرسانی بایرن میونشن هەموویان وەرزشوان و لە تۆپی پێ تێدەگەن

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(راهێنەری یانەی بایرن میونشن)




فلیپی لویس با بچێت وێنەی ساڵی رابردووی بڵاوبکاتەوە کە ئەوەندە نەمابوو بەئەنقەست مێسی تووشی پێکانێکی مەترسیدار بکات

لویس سوارێز
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)



بارسێلۆنا بەهۆی ئەو تیپەی فرانک ریکارد دروستیکرد سەرکەوتنی بەدەستهێنا، مێسی خاوەنی بردنەوەکانی بارسێلۆنایە نەوەک گواردیۆلا

دیمیتری سیلۆک
(بەڕێوەبەری کارەکانی یایا تۆرێ)



نابێ بن عەرەفە بە ئارەزووی خۆی یاری بکات، دەبێ لەوە تێبگات کە ئەو مێسی نییە و ناتوانێت یاری بە 5 یاریزان بکات و یارییەکە بباتەوە

ئۆنای ئیمرێ
(راهێنەری یانەی پاریس سانجێرمان)



**ناچارە**

ماڵپەڕی سکواوکا نیۆزی بەناوبانگ، کە تایبەتە بە ژمارە و ئامارەکان، ریزبەندێکی بۆ باشترین یاریزانانی پریمەرلیگ لە وەرزی ئەمساڵدا داناوە، بەپێی چەندین پێوەری تایبەت کە لە پۆلینکردنی باشترینەکاندا پشتی پێدەبەستێت. بەپێی ئەو ریزبەندە کۆتینیۆ یاریزانی بەرازیلی یانەی لیڤەرپوول تاوەکو ئێستا بە کۆکردنەوەی 321 خاڵ پلەی یەکەمی گرتووە. لەدوای ئەویش کیڤن دی برۆینی یاریزانی مانچێستەر ستی بە کۆکردنەوەی 280 لە پلەی دووەم دێت و پلەی سێیەمیش بەر ئیدین هازاردی یاریزانی چێڵسی کەوتووە، کە خاوەنی 278 خاڵە.

شرۆڤە و ئاماری یارییەکانی گەڕی دووەمی چامپیۆنسلیگ..

# خاکی ئەڵمانیا مێژووی لەپشتە و دژی ریال و بارسایە





## «کەس شان لە شانی پێپ نادات و کەسیش سکی بە پاریس ناسووتێ»

## «لەوەتەی گیڤارا بووەتە کەشتیوان، ئەستێرەیەکی دیکە بۆ ئاسمان زیادبووە»

**سەفین تەما**

گەڕێکی دیکەی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەستپێدەکاتەوە، ئەمجارەش چاوەکان دەچنەوە سەر یاریگەکانی کیشوەرە پیرەکە و بە کۆمەڵێک یاری گرنگ، وردە وردە ئەو تیپە دەردەکەوێ کە شایەنی بەردەوامبوونە لەم پاڵەوانیەتییەدا.

یارییەکانی رۆژی سێشەممەی چامپیۆنسلیگ، رەنگە سەنگی مەحەک بن بۆ هەندێک یانە کە توانا و هێزیان لە نێوخۆ و دەرەوەدا هەر ئەوەندە بڕەکات، بۆ هەندێک یانەش دەکرێ وەک پەرچەکردارێکی ئەرێنی سەیر بکرێت و تۆڵەی شکستە تەکتیکییەکانیان بکەنەوە.

لە گرنگترین یاری رۆژی سێشەممەدا، یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی کە لە نێوخۆدا گڕدەکاتەوە، رووبەڕووی یانەیەک دەبێتەوە کە سەرەڕای پلەبەندییەکی باش لە لالیگادا، کەچی ئاستە ناجێگیرەکەی پرسیاری لەلای هەوادارانی دروستکردووە، ئەویش یانەی ریال مەدریدە.

ئەم یارییە وەک بڵێی بووەتە شتێکی ئاسایی لە نێوانیان، چونکە لە 5 ساڵی رابردوو 7 جار لە خولی یانە پاڵەوانەکاندا رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە، کەچی ئەوەی کە بووەتە گرێکوێرەی مەدریدییەکان ئەوەیە، لە هەموو گەشتێکیاندا بۆ یاریگەی سیگناڵ ئیدونا پارک، هیچ یارییەکیان نەبردووەتەوە، بەڵکو سێجاریش دۆڕاون و دوو جار یەکسان بوون.

لە مێژوودا نەبووە 3 یاری لەسەریەک یانەی ریال مەدرید بچێتە یاریگەیەک و بدۆڕێ، بەڵام لەگەڵ دۆرتمۆند هیچ شتێک مەحاڵ نییە و ئەمە سێیەم یارییە لەسەریەک مەدریدییەکان لە خاکی مەکینەکاندا دەدۆڕێن.

دۆرتمۆند هەر بەتەنیا لەبەرامبەر ریال مەدرید باش یاری ناکات، بەڵکو لە 4 سەردانی رابردووی یانە ئیسپانییەکان سەرجەمیان لە زەوی دراون.

دواییـن 6 گۆڵی دۆرتمۆند بەرامبەر ریال مەدرید، چواریان لە یەک یاریدا تۆمارکراون، کە لە رێگەی لیڤاندۆفسکییەوە بوون، دووانەکەی دیکەش مارکۆ رۆیس تۆماری کردن، ئێستا رەنگە بەهۆی پێکانەوە یاری نەکات و لیڤاش بووەتە دوژمنی زەردەواڵەکان، لە هەمووشی جەرگبڕتر نائامادەیی ئۆبامیانگی گابۆنییە بۆ یارییەکە.

رەنگە هەوادارانی ریال مەدرید بە خوێندنەوەی ئەم چەند دێرەی سەرەوە کەمێک ترسیان لێبنیشێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن ریال مەدرید لە سەرەتای وەرزی رابردووەوە لە چامپیۆنسلیگدا تەنیا یەک یاری دۆڕاندووە و 10 یاری بردووەتەوە و 3 بەرامبەربوونیشی هەبووە، کەچی سەیر لەوەدایە ئەو دۆڕانەش بەرامبەر بە یانەیەکی ئەڵمانی بووە کە ڤۆڵفسبۆرگ بوو.

ئەوەی بووەتە جێی دڵەڕاوکێی مەدریدییەکان، لە گۆڵچوونەوەی رۆناڵدۆیە لە لالیگادا، بە جۆرێک لە 570 خولەکدا 1 گۆڵی تۆمارکردووە، بەڵام لە دوایین 4 یاریدا لە خولی یانە پاڵەوانەکان، 2 گۆڵی بە لێدانی راستەوخۆ تۆمارکردووە و خۆشی بە تۆمارکردنی 95 گۆڵ، گۆڵکاری مێژوویی پاڵەوانیەتییەکەیە.

### بە چ پێوەرێک زیدان هاوڕێی یاریزانەکانییەتی؟!

ریال مەدرید کێشەی لەگەڵ تەکتیکی راهێنەرەکەیدا هەیە، دەڵێن زیدان لەگەڵ یاریزانەکانیدا زۆر هاوڕێن، بەڵام ئەمە شتێکی راست نییە، ئەوەتا شەڕی زیزۆ لەگەڵ جەیمس رۆدریگیزدا، جارێکی دیکە ئیسکۆ لەلایەن راهێنەرانەوە هێڵی سووری بەسەرداهێنراوەو زیدانیش دوایین کەسە کە پێنووسەکەی بەدەستەوەیە، ئیدی رۆناڵدۆ و دانیشتنە نابەدڵییەکەشی لەولاوە بوەستێت، ئیدی ئەمە چ هاوڕێیەتییەکە کە 3 یاریزانی سەرەکی یانەکە بکەیتە قوربانی ئەوەی کە بیسەلمێنیت گوایە تۆ قسە ناتوانێ لە قسەت دەربچێ؟!

لە یارییەکی دیکەی ئەمشەودا یانەی لیستەر ستی پاڵەوانی وەرزی رابردووی پریمەرلیگ، میوانداری یانەی پۆرتۆی پورتوگالی دەکات، ئەمە یەکەم رووبەڕووبوونەوەی فەرمی نێوانیانە لە مێژوودا، لیستەر لە نێوخۆدا بارودۆخی باش نییە و پۆرتۆش لە هەموو مێژوویدا نەیتوانیوە هیچ سەرکەوتنێک لە خاکی بەریتانیا تۆماربکات.

### یۆڤی پێویستی بە کاتە و کاتیش لە بەرژەوەندی نییە!

لە کرواتیاش، یانەی یوڤانتۆسی پێشەنگی سێریا ئەی دەبێتە میوانی یانەی دینامۆ زاگریب، ئەم دووانە لە خولی یانە پاڵەوانەکان هەرگیز یارییان بەرامبەر بەیەکدی نەکردووە، بەڵام پێشتر و لە ڤێرژنە کۆنەکەی چامپیۆنزدا، یانەی دینامۆ زاگریب بە کۆی ئەنجامی دوو یاری سەرکەوتنی بەسەر یۆڤیدا بەدەستێنابوو، لەو سەرکەوتنەوە تاوەکو ئەمڕۆ، دینامۆ زاگریب 17 جار رووبەڕووی یانە ئیتاڵییەکان بووەتەوە کەچی تەنیا لە دوو یاریدا براوە بووەو 10 دۆڕاندووە و 5یش یەکسانبووە.

یوڤانتۆس پێکهاتەیەکی جێگیری نییە، یاریزانەکان لەگەڵ یەکدا هاوئاهەنگ نین، ناتواندرێ بڵێین تیپێکی تۆکمەن، لە بەهێزترین یاری ئەمساڵیاندا بەرامبەر بە ئینتەرمیلان دۆڕان و لەپێش ئەویش لەگەڵ سڤیلیا یەکسانبوون، سێ رۆژ بەر لە ئێستاش لەگەڵ پالێرمۆ بەهەڵەی بەرگریکاری پالێرمۆ بردییانەوە، تیپێکن سەرەڕای ئەوەی یەکەمی خولەکەیانن، بەڵام هێشتا پێویستیان بە کات هەیە بۆ ئەوەی خۆیان بسلمێنن.

بەشێوەیەکی گشتی یارییەکانی دیکەی ئەمشەوی چامپیۆنسلیگ قسەی زۆر هەڵناگرن، سڤیلیای ئیسپانی لە خاکی خۆیدا میوانداری یانەی لیۆنی فەرەنسی دەکات، تۆتێنهامی ئینگلیزی دەچێتە رووسیاو دەبێتە میوانی یانەی سیسیکا مۆسکۆ، بایەر لیڤەرکۆزنی ئەڵمانی لە ئیمارەتی مۆناکۆ دەبێتە میوانی یانەی یەکەمی ئەو ناوچەیە، لیگیا وارشۆ لە پۆرتۆگال دەبێتە میوانی سپۆرتینگ لیسبۆنا و لە دوا یاریشدا کلۆپ برۆجی بەلجیکی و کۆبێنهاگنی دانیمارکی رووبەڕوو دەبنەوە.

### «لەوەتەی گیڤارا بووەتە کەشتیوان، ئەستێرەیەکی دیکە بۆ ئاسمان زیادبووە»

لە کلاکێتی سیناریۆی قۆناخی پێشکۆتایی وەرزی رابردووی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا، یانەکانی بایرن میونشن و ئەتلەتیکۆ مەدرید بە دیداری یەکدی دەگەن، هەرچەندە پێشتر مەدریدییەکان ناوێکی ئەوەندە مەزن نەبوون لە ئاسمانی ئەستێرەکانی چامپیۆنسلیگدا، کەچی لەوەتەی رەشپۆشە ئەرجەنتینییەکە کە بە «گیڤارا ناسراوە» بووەتە کەشتیوانی کەشتییەکەی رۆخی بلانکۆس ئەو یانەیە بازێکی گەورەی لە تۆپی پێی ئەوروپیدا داوە و بووەتە درڕ بۆ چەند تیپێک.

پێشتر ئەم دوو یانەیە تەنیا 4 جار لە چامپیۆنسلیگدا یارییان کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەرگیز رووینەداوە ئەتلەتیکۆ لە گۆڵێک زیاتر لە تۆڕی باڤارییەکان تۆماربکات.

بەرگرییەکەی ئەتلەتیکۆ ئەوەندە بەهێزە لە دوایین 12 یاری قۆناخی کۆمەڵەکاندا لە 10 یارییاندا تۆڕەکەی بە پاکی راگرتووە.

لە دوایین 23 یاری قۆناخی کۆمەڵەکاندا، یانەی بایرن میونشن 19 سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو لە 3 یاریشدا دۆڕاوە، یەک یاریش بەرامبەربووە و 13 جاریش تۆڕی گۆڵەکەی بە پاکی راگرتووە.

لە دوایین 5 گۆڵی ئەتلەتیکۆ لە یاریگەی خۆیدا، ئانتوان گریزمان 4 گۆڵی بە تەنیا تۆمارکردووە، کەچی لە بەرامبەردا تۆماس مولەری یاریزانی بایرن میونشن لەدوایین 19 یاریدا 16 گۆڵی بۆ سوور و سپییەکانی باڤاریا تۆمارکردووە.

### بارسا چۆن دەتوانێت بێ مێسی بێت؟

هەر لە یارییەکانی شەوی چوارشەممە بەیەکداکێشانی ئەستێرەکانی بارسێلۆنا و یانەی میونشنگلادباخی ئەڵمانی دەکرێ بڵێین دووەم بەهێزترین یاری سبەی شەوە، هەرچەندە ئەم دووانەش یەکەمجارییانە لە پاڵەوانیەتییەکی ئەوروپیدا بەیەکدەگەن، کێشەی گلادباخ لەوەدایە کە لە مێژوویدا 13 جار رووبەڕووی یانە ئیسپانییەکان بووەتەوە، کەچی لە هیچ یارییەکدا نەبووە کە گۆڵەکەی بە پاکی رابگرێت، ئەمەش پاڵنەرێکی باشە بۆ بارسا تاوەکو گۆڵی ئەڵمانییەکان بهەژێنێت.

هاوشێوەی ریال مەدرید، یانەی بارسێلۆناش لە خاکی ئەڵمانیادا 3 یارییە لەسەریەک نەیبردووەتەوەو لە دووانیدا دۆڕاوە، لەبەرامبەر ئەم ئامارەدا یانە کەتالۆنییەکە لە کۆتا 7 یاری لە قۆناخی کۆمەڵەکاندا و لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا نەدۆڕاوە.

بارسا لە سەرەتاوە خراپ دەستیپێکرد، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی یەکەم گەڕی چامپیۆنسلیگدا و دوای ئەوەی بە رووی یانەی سێڵتیکی رەنجەڕۆدا تەقییەوە و 7 گۆڵی لێکرد، ئیدی وایلێهات یانەکە بە مێسی و بێ مێسیش گۆڵبارانی بەرامبەرەکانی بکات.

ئەوەمان لەیاد نەچێ کە بارسا وەک هەمیشە لەم چەند ساڵەی دواییدا پاڵێوراوی یەکەمی بردنەوەی نازناوەکە بووە، گەواهی بۆ ئەوەش هیچ یانەیەک نەبووە کە لە مێژووی خولی یانە پاڵەوانەکاندا بتوانێت لە ماوەی 11 ساڵدا 4 جار نازناوەکە بەدەستبێنێت.

لەم یارییەدا لیۆنێل مێسی وەک زاندراوە بەهۆی ئەو پێکانەی دووچاری بووە یاری ناکات، بەڵام نابێ گرنگی ئەو کێچە (ئەسپێ) بچووکەمان لە یانەکەیدا لەبیربچێت، چونکە لەدوا 7 یاری یانەکەیدا لە چامپیۆنسلیگدا 11 گۆڵی تۆمارکردووە.

لە یارییەکی دیکەدا یانەی ناپۆلی لە خالی ناپلیسدا خانەخوێی یانەی بێنفیکا دەکات، ناپۆلی یاری یەکەمی لە دینامۆ کیێڤ بردبووەوە و لە ناوخۆی ئیتاڵیاش لەو پەڕی باشیدایە و پلەی دووەمی خولەکەی گرتووە، بێنفیکاش لە دوا یاری خۆیدا لە خولی پۆرتۆگال دوو گۆڵی لە چاڤێز کرد، لە یاری یەکەمیشیدا لە دوا خولەکدا دوو خاڵی لەدەستدا و لە گەڵ بێشکتاشدا یەکسانبوو.

### کەس شان لە شانی پێپ نادات و کەسیش سکی بە پاریس ناسووتێ

مانچێستەر ستییەکەی گواردیۆلا، ئەو تیپەی تاوەکو ئێستا هیچ رکابەرێک، بەڵکو هیچ تیپێک نەیتوانیوە لەگەڵیشیدا یەکسان بێت، هەمووان چاوەڕێی بارسێلۆنان تیماری دەردی بکات، بەڵام تاوەکو کارەکە دەچێتە بەردەستی بارسێلۆنا کار لە کار دەترازێ و تیپێک دروست دەبێت کە بە بەدەستهێنانی چامپیۆنسلیگ نەبێ، بە هیچی دیکە رازی نابێت، مانستی رووبەڕووی یانەی سێڵتیکی سکۆتلاندی دەبێتەوە و یارییەکەش لە گلاسگۆیە.

ئارسینالی لەندەنیش لە دوای بردنەوەی یاری دێربی لە چێڵسی، هەموو ئەگەرێک چاوەڕێی دەکات، بەڵام ئەنجامە خراپەکانی لە دوا 10 ساڵی رابردوودا لەم خولە ئەوروپییە ئەوە بەبیری هەوادارانی یانە سوورەکە دەهێنێتەوە کە سنووری هەڵفڕینیان دیاریکراوە، ئەوان لەم یارییەدا رووبەڕووی یانەی بازل دەبنەوە. پاریسی بریندار، ئەو تیپەی لە دوای رۆیشتنی زلاتان و هاتنی ئێمرییەوە بەتەواوی رووخاوە، نەک تەنیا لە نێوخۆی فەرەنسا، بەڵکو لە دەرەوەش ئاستی باش نییە و لە یاری یەکەمدا لە یاریگەی خۆیدا لەگەڵ ئارسیناڵدا یەکسان بوون، پاریس بۆ تیمارکردنی برینەکانی دەبێ سبەی شەو لودۆگۆریتس بکاتە پەند. بێشکتاش لە ڤۆدافۆن ئارێنا رووبەڕووی دینامۆکیێڤی دۆڕاوی یەکەم یاری دەبێتەوە، داڵەکان لە دوای بەرامبەربوونیان لە دێربی ئیستانبووڵ، ئێستا هەوڵ بۆ هەنگاوی گەورەتر و چەورتر دەدەن لە کاتێکدا کە کۆمەڵەکەیان هەلی سەرکەوتن تێیدا لە 50%بۆ هەمووانە.

لە دوا یاریشدا یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی رووبەڕووی یانەی رۆستۆڤی رووسی دەبێتەوە و یارییەکەش لە رووسیا ئەنجام دەدرێت.




# خشتەی یارییەکانی هەفتە

چامپیۆنسلیگ
ریال مەدرید - بورۆسیا دۆرتمۆند
سێشەممە 27/9/2016
09:45

چامپیۆنسلیگ
ئەتلەتیکۆ مەدرید - بایرن میونشن
چوارشەممە 28/9/2016
09:45

خولی عێراق
زاخۆ - هەولێر
سێشەممە 27/10/2016
03:30

خولی فەرەنسا
پاریس سانجێرمان - بۆردۆ
شەممە 1/10/2016
06:00

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 7)

**هەینی 2016/9/30**

| | |
|---|---|
| ریال سۆسیداد - ریال بیتیس | 09:45 |

**شەممە 2016/10/1**

| | |
|---|---|
| گرانادا - لیگانێس | 02:00 |
| سڤیلیا - ئالاڤێس | 05:15 |
| ئۆساسۆنا - لاس پالماس | 07:30 |
| دیپۆرتیڤۆ - خیخۆن | 09:45 |

**یەکشەممە 2016/10/2**

| | |
|---|---|
| ڤالنسیا - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 01:00 |
| ریال مەدرید - ئیبار | 05:15 |
| ئیسپانیۆل - ڤیاڕیال | 07:30 |
| مەلەگە - ئەتلەتیک بلباو | 07:30 |
| سێلتاڤیگۆ - بارسێلۆنا | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| ریال مەدرید | 14 |
| بارسێلۆنا | 13 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید | 12 |
| ڤیاڕیال | 12 |
| ئەتلەتیک بلباو | 12 |
| سڤیلیا | 11 |
| لاس پالماس | 10 |
| ئیبار | 10 |
| ریال بیتیس | 8 |
| ریال سۆسیداد | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسێلۆنا | 5 |
| 2 - گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 5 |
| 3 - مێسی | بارسێلۆنا | 4 |
| 4 - سانسۆنی | ڤیاڕیال | 4 |
| 5 - کاسترۆ | ریال بیتیس | 4 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (ئالاڤێس - گرانادا) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 7)

**هەینی 2016/9/30**

| | |
|---|---|
| ئیڤێرتۆن - کریستاڵ پالاس | 10:00 |

**شەممە 2016/10/1**

| | |
|---|---|
| سوانزی ستی - لیڤەرپووڵ | 02:30 |
| ساندێرلاند - وێست برۆمیچ | 05:00 |
| وێستهام - میدلزبرە | 05:00 |
| واتفۆرد - بۆرنمۆس | 05:00 |
| هاڵ ستی - چێلسی | 05:00 |

**یەکشەممە 2016/10/2**

| | |
|---|---|
| مانچێستەر یونایتد - ستۆک ستی | 02:00 |
| تۆتێنهام - مانچێستەر ستی | 04:15 |
| لیستەر ستی - ساوسهامتۆن | 04:15 |
| بێرنلی - ئارسیناڵ | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| مانچێستەر ستی | 18 |
| تۆتێنهام | 14 |
| ئارسیناڵ | 13 |
| لیڤەرپووڵ | 13 |
| ئیڤێرتۆن | 13 |
| مانچێستەر یونایتد | 12 |
| کریستاڵ پالاس | 10 |
| چێلسی | 10 |
| وێست برۆمیچ | 8 |
| ساوسهامتۆن | 8 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئەگوێرۆ | ماچێستەر ستی | 5 |
| 2 - کۆستا | چێلسی | 5 |
| 3 - ئەنتۆنیۆ | وێستهام | 5 |
| 4 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 4 |
| 5 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 4 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 7)

**شەممە 2016/10/1**

| | |
|---|---|
| پیسکارا - ڤیرۆنا | 07:00 |
| ئۆدینێزی - لازیۆ | 09:45 |

**یەکشەممە 2016/10/2**

| | |
|---|---|
| ئیمپۆلی - یوڤانتۆس | 01:30 |
| ئەتەلانتا - ناپۆلی | 04:00 |
| بۆلۆنیا - جینەوا | 04:00 |
| کالیاری - کرۆتۆنی | 04:00 |
| سامپدۆریا - پالێرمۆ | 04:00 |
| میلان - ساسۆلۆ | 07:00 |
| تۆرینۆ - فیۆرەنتینا | 07:00 |
| رۆما - ئینتەرمیلان | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| یوڤانتۆس | 15 |
| ناپۆلی | 14 |
| ئینتەرمیلان | 11 |
| رۆما | 10 |
| لازیۆ | 10 |
| میلان | 10 |
| ڤیرۆنا | 10 |
| بۆلۆنیا | 10 |
| ساسۆلۆ | 9 |
| تۆرینۆ | 8 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 6 |
| 2 - باکا | میلان | 5 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 4 |
| 4 - هیگواین | یوڤانتۆس | 4 |
| 5 - کالیخۆن | ناپۆلی | 4 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (کرۆتۆنی - ئەتەلانتا) و (کالیاری - سامپادۆریا) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 6)

**هەینی 2016/9/30**

| | |
|---|---|
| لایپزیگ - ئۆگسبۆرگ | 09:30 |

**شەممە 2016/10/1**

| | |
|---|---|
| بایرن میونشن - کۆڵن | 04:30 |
| ئینگۆلشتات - هۆفنهایم | 04:30 |
| هێرتا بەرلین - هامبۆرگ | 04:30 |
| فرایبۆرگ - فرانکفۆرت | 04:30 |
| دارمشتات - ڤێردەربریمەن | 04:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - بورۆسیا دۆرتمۆند | 07:30 |

**یەکشەممە 2016/10/2**

| | |
|---|---|
| فۆلفسبۆرگ - ماینز | 04:30 |
| شالکە - مونشنگلادباخ | 06:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| بایرن میونشن | 15 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند | 12 |
| کۆڵن | 11 |
| مونشنگلادباخ | 10 |
| فرانکفۆرت | 10 |
| هێرتا بەرلین | 10 |
| لایپزیک | 9 |
| ماینز | 7 |
| هۆفنهایم | 7 |
| بایرلیڤەرکۆزن | 7 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆفسکی | بایرن میونشن | 5 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 5 |
| 3 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 4 |
| 4 - پۆهانپالۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 4 |
| 5 - مۆدیست | کۆڵن | 4 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 8)

**هەینی 2016/9/30**

| | |
|---|---|
| رین - گانگۆن | 09:45 |

**شەممە 2016/10/1**

| | |
|---|---|
| پاریس سانجێرمان - بۆردۆ | 06:00 |
| لیل - نانس | 09:00 |
| نانت - باستیا | 09:00 |
| میتز - مۆناکۆ | 09:00 |
| دیجۆن - مۆنپیلیە | 09:00 |
| کان - تۆلۆز | 09:00 |

**یەکشەممە 2016/10/2**

| | |
|---|---|
| ئەنجی - مارسیلیا | 04:00 |
| نیس - لۆریان | 06:00 |
| لیۆن - سانت ئیتیان | 09:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| نیس | 17 |
| مۆناکۆ | 16 |
| تۆلۆز | 14 |
| پاریس سانجێرمان | 13 |
| بۆردۆ | 13 |
| میتز | 13 |
| سانت ئیتیان | 12 |
| گانگۆن | 11 |
| لیۆن | 10 |
| باستیا | 10 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 6 |
| 2 - مارتین | تۆلۆز | 6 |
| 3 - لاکازیتی | لیۆن | 6 |
| 4 - ئیردینیچ | میتز | 5 |
| 5 - گۆمێز | مارسیلیا | 5 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 2)

**پێنجشەممە 2016/9/29**

| | |
|---|---|
| ئەستانا (کازاخستان) - یۆنگ بۆیز (سویسرا) | 06:00 |
| گابالا (ئازەربایجان) - ماینز (ئەڵمانیا) | 06:00 |
| ئەیاکس (هۆڵەندا) - ستاندەرلیاج (بەلجیکا) | 08:00 |
| سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) - پاناسیناکۆس (یۆنان) | 08:00 |
| شاڵکە (ئەڵمانیا) - سالزبۆرگ (نەمسا) | 08:00 |
| کراسنۆدار (رووسیا) - نیس (فەرەنسا) | 08:00 |
| لیبیرتچ (چیک) - سالۆنیکا (یۆنان) | 08:00 |
| فیۆرەنتینا (ئیتاڵیا) - کارباکا (ئازەربایجان) | 08:00 |
| سپارتا براگ (چیک) - ئینتەرمیلان (ئیتاڵیا) | 08:00 |
| بیئر سەبع (ئیسرائیل) - ساوسهامتۆن (ئینگلتەرا) | 08:00 |
| زیۆریخ (سویسرا) - ئۆسمانلی سپۆر (تورکیا) | 08:00 |
| ستیوا بوخارست (رۆمانیا) - ڤیاڕیال (ئیسپانیا) | 08:00 |
| شاختار (ئۆکرانیا) - سپۆرتینگ براگا (پورتوگال) | 08:00 |
| جینیت (بەلجیکا) - قونیا سپۆر (تورکیا) | 08:00 |
| فەنەربەخچە (تورکیا) - فاینۆرد رۆتردام (هۆڵەندا) | 10:05 |
| مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) - لۆگانسک (ئۆکرانیا) | 10:05 |
| ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) - ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) | 10:05 |
| سانت ئیتیان (فەرەنسا) - ئەندرلەخت (بەلجیکا) | 10:05 |
| دۆندالک (ئێرلەندا) - مەکابی تەلئەبیب (ئیسرائیل) | 10:05 |
| زینیت (رووسیا) - ئەلکەمار (هۆڵەندا) | 10:05 |
| رۆما (ئیتاڵیا) - ئستریا جیۆرجیۆ (رۆمانیا) | 10:05 |
| ئۆستریا ڤیەننا (نەمسا) - ڤیکتۆر بلزن (چیک) | 10:05 |
| ئەتلەتیک بلباو (ئیسپانیا) - رابید ڤیەننا (نەمسا) | 10:05 |
| جینک (بەلجیکا) - ساسۆلۆ (ئیتاڵیا) | 10:05 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 2)

**سێشەممە 2016/9/27**

| | |
|---|---|
| سیسکا مۆسکۆ - تۆتێنهام | 09:45 |
| مۆناکۆ - بایرلیڤەرکۆزن | 09:45 |
| برۆسیا دۆرتمۆند - ریال مەدرید | 09:45 |
| لێشبۆنە - لیگا وارسۆ | 09:45 |
| کۆبنهاگن - کلۆپ برۆج | 09:45 |
| لیستەر ستی - پۆرتۆ | 09:45 |
| دینامۆ زەگریب - یوڤانتۆس | 09:45 |
| سڤیلیا - لیۆن | 09:45 |

**چوارشەممە 2016/9/28**

| | |
|---|---|
| ئارسیناڵ - بازل | 09:45 |
| لۆدۆگۆریتس - پاریس سانجێرمان | 09:45 |
| بێشکتاش - دینامۆکییێڤ | 09:45 |
| ناپۆلی - بێنفیکا | 09:45 |
| مونشنگلادباخ - بارسێلۆنا | 09:45 |
| سێلتیک - مانچێستەر ستی | 09:45 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - بایرن میونشن | 09:45 |
| رۆستۆڤ - ئایندهۆڤن | 09:45 |

خولی ئەڵمانیا
بایرلیڤەرکۆزن - بورۆسیا دۆرتمۆند
شەممە 1/10/2016
07:30

خولی ئینگلتەرا
تۆتێنهام - مانچێستەر ستی
یەکشەممە 2/10/2016
04:15

خولی ئیسپانیا
سێلتاڤیگۆ - بارسێلۆنا
یەکشەممە 2/10/2016
09:45

خولی ئیتاڵیا
رۆما - ئینتەرمیلان
یەکشەممە 2/10/2016
09:45



%87

بەپێی ئامارێک دەردەکەوێت کە بوونی کاسیمیرۆی یاریزانی بەرازیلی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، چەندە گرنگە بۆ ئەو یانەیەو بەپێچەوانەشەوە یاری نەکردنی ئەو چەند کاریگەری نەرێنی بەسەر ئاست و ئەنجامەکانی یانەی شاهانەوە هەیە. بەپێی ئەو ئامارە کە ڕۆژنامەکانی مەدرید بڵاویانکردووەتەوە، لەو یارییانەدا کە کاسیمیرۆ بەشێوەی سەرەکی یاری کردووە رێژەی بردنەوەکانی ریال مەدرید زیاتر لە 87%یە، بەڵام لەو یارییانەدا کە یاریزانە بەرازیلییەکە یاری ناکات رێژەی بردنەوەکانی ریال مەدرید تەنیا 47%یە.



## ئەو وڵاتەی لە هەر 7 منداڵ یەکێکیان بەر لە تەمەنی 5 ساڵی دەمرێت..

# حکومەت پارەی هاوڵاتیانی دەداتە یانەیەکی فەرەنسی

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەی لۆپرۆگرێی فەرەنسی رایگەیاند وڵاتی چاد کە چوارەم هەژارترین وڵاتی جیهانە، ئەرکی سپۆنسەریی سەرەکی یانەی میتزی فەرەنسی لە ئەستۆ گرتووە، لە هەنگاوێکدا کە گوایە مەبەست لێی، راکێشانی گەشتیاری زیاترە بۆ ئەو وڵاتەو دەڵێت «هاوڵاتیانی چاد رەخنە لەو کارەی حکومەتەکەیان و بەهەدەردانی پارە دەگرن».

حوسێن نگارۆی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەرزشیی چادیش، شتەکەی بە «گاڵتەیەکی هیچ و پووچ» وەسفکرد.

وەزیری وەرزشیی چاد، بیتیل میارۆم ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە، کە باس لەوە دەکەن بەهای گرێبەستی سپۆنسەریکردنەکە دەگاتە 12 ملیۆن یۆرۆ (13.4 ملیۆن دۆلار) و گوتی «ئەو قسانە گاڵتەیەکی هیچ و پووچن»، بەڵام هیچ بەهایەکی دیکەشی ئاشکرا نەکرد، یانە فەرەنسییەکەش هیچ کۆمێنتی لەسەر بابەتەکە نەداوە.

دریسی تازەی یانەکە، کە لە مانگی ئابی رابردوو نمایشکرا، دروشمی «چاد: مێرگی کەنار»ی لەسەرە، حکومەتی چادیش باس لەوە دەکات، لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی خۆماڵییەوە پارە بۆ گرێبەستەکە دابین کراوە.

بەرزترین رێژەی مردنی منداڵ لە جیهان لە چاد تۆمار دەکرێت، کە لە هەر 7 منداڵ لە چاد یەکێکیان پێش تەمەنی 5 ساڵی گیان لەدەستدەدەن.

## بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بە ئایینی ئیسلام بدات..

# یاریزانێکی فەرەنسی واز لە تۆپی پێ دێنێت



**ڕووداوی وەرزشی ـ DAILY MAIL**

جیرمی هیلان، یاریزانی فەرەنسی یانەی شیفیلد وینزدەی ئینگلیزی، داواکاری وازهێنانی لە تۆپی پێی پێشکەشی یانەکەی کردووە، هەرچەندە تازە تەمەنی 24 ساڵانە، بۆ ئەوەی چاو بخاتە سەر ئایینی ئیسلام.

ڕۆژنامەی DAILY MAILی بەریتانی، باس لەوە دەکات ئەو یاریزانە فەرەنسییە داواکاری وازهێنانی پێشکەشی یانەی شیفلد وینزدەی کردووە، کە لە ریزی یانە پلە یەکەکانی ئینگلتەرا یاری دەکات، هەرچەندە ئاستی لەگەڵ تیپەکەش زۆر باشە، هەموو ئەو یاریزانەی هێڵی ناوەڕاست بە «پاتریس ئێڤرا» بانگ دەکەن.

ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات، گرێبەستی ئەو یاریزانە لاوە لەگەڵ یانەکەی لە کۆتایی وەرزی ئێستا تەواو دەبێت. ئەو یاریزانە موسڵمانە بەشداری لە زۆر کاری خێرخوازی دەکات، بڕیاری وازهێنانیشی داوە هەرچەندە تەمەنی بچووکە و تەنیا 24 ساڵانە. ڕۆژنامەکە دەڵێت «کارگێڕی یانەکەی لەو داواکارییە لەناکاوەی تاساوە، دوای ئەوەی پێی راگەیاندن بەنیازە بچێتە وڵاتی سعوودیە، بۆ ئەوەی خۆی بۆ خواپەرستی و فێربوونی ئایینی ئیسلام تەرخان بکات، گفتوگۆیەکانیشی لەگەڵ یانەکەی، سەبارەت بە ئایندەی لەگەڵ تیپەکەدا بەردەوامە». ڕۆژنامە بەریتانییەکە هەروەها ڕوونیشی کردووەتەوە «هیلان کە پێشتر بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسای خوار تەمەنی 19 ساڵی یاریکردووە، زۆربەی کاتەکانی لە مزگەوتی شاری شیفلد بەسەر دەبات».

## پێشبڕکێ



**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ڕێبوار عوسمان لە پێنجوین

به لێدوانی:

**( گۆڵی کردووە ئەو داماوە، پێیان لەسەر ورگی دانەوە)**

---

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 417 )
سێشەممە 2016/9/27

## پەنجاو دووەمین پێشبڕکێ

LOTTO 1

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..........

مۆبایل : ..........

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرکەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە